ئامۆژگاری - کورتە چیرۆک

# کچە
# بوێرەکەی زانکۆ



2023
چاپی یەکەم

# کچە بوێرەکەی زانکۆ

کورتە چیرۆك و ئامۆژگاری بۆ قوتابیانی زانکۆ بەتایبەتی و کۆمەڵگا بەگشتی

لەنوسینی : عبدالکریم مصطفی گەردی

کتێبی : کچە بوێرەکەی زانکۆ
نوسینی : عبدالکریم مصطفی گەردی
بابەت : کورتە چیرۆك و ئامۆژگاری
چاپی یەکەم
ساڵی چاپ : 2023
چاپی ئەلیکترۆنی PDF

سۆشیاڵ میدیاکانم
Facebook: Abdulkarim Mustafa
Snapchat : ak.gardi

پەیوەندی کچان و کوڕانی زانکۆ

زانکۆ یەکێکە لەو پاڵنەرانەی کە وادەکات کچان و کوڕان تووشی کێشەی کۆمەڵایەتی ببنەوە. کچ هەیە لەلایەن کوڕانەوە هەڕەشەی لێ دەکرێ لەناو زانکۆ یان وازی لێ ناهێنێ و بێزاری دەکات ، ئەمەش بۆچی ؟ تەنها بۆ حەزێکی کاتییە و هیچی تر.

کوڕە بەناوی خۆشەویستی و حەزلێکردن لەکچە لێی نزیک دەبێتەوە و وا دەکات کچە توشی هەڵە بکات بۆ حەز و ئارەزووەکانی خۆی.

هەندێکجار ئەم کچ و کوڕە پەیوەندییەکەیان درێژخایەن دەبێ ، بەبێ ئەوەی هەست بەخۆیان بکەن و هەست بەو هەڵەیەش ناکەن کە هەم لەڕووی دینی و ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی و نەریتی ئەو کارەی کە دەیکەن هەڵەیە.

هەندێک کات ئەو کوڕەی کەپەیوەندی لەگەڵ کچەکە دادەنێ ، وادەکات کچەکە لەژێر کۆنترۆڵی خۆی دەرنەچێ ، چۆن ؟.

کوڕەکە کۆمەڵێک درۆ و بەڵێنی ناڕاست بەکچەکە ئەدات ، دەڵێ لەنزیک ترین کاتدا ئەتهێنم و ئەمەوێ هاوسەرگیری بکەین و ژیانێکی خۆشت بۆ دابین بکەم ! بەڵام هیچی ڕاست نین تەنها بۆ ئەوەن کچەکە لای خۆی بهێڵێتەوە تا لەزانکۆ تەواو ئەبن ، هەندێ کاتیش کە کوڕەکە کچێکی جوانتری دۆزیەوە یان حەز و ئارەزووی بۆ کچەکە نەما ئیتر چەند درۆیەکی تر بۆ کچەکە ئەکات و بەهەر شێوەیەک بێت لە کۆڵ خۆی ئەکاتەوە و لێی جیا ئەبێتەوە.

جۆرێکی تری درۆی کوڕان لەزانکۆ چییە ؟

هەندێ کوڕ لەزانکۆ بەدوای تاقیب کردنی کچانەوان بە پێچەوانەوەش وایە.

لەسەردەمی ئێستا سۆشیاڵ میدیا هۆکارێکی گرنگە بۆ ئەوەی پەیوەندی نێوان کچان و کوڕان دروست ببێ لەهەموو چین و توێژەکان بەگشتی قوتابیان و خوێندکارانی زانکۆ بەتایبەتی.

کوڕان یان کچان لەیەکێک لەسۆشیاڵ میدیاکان نامە بۆیەکتر ئەنێرن و لەدوای چاک و چۆنی کۆمەڵێک بابەت باس ئەکەن کە وادەکات کچە و کوڕە هۆگری یەکتری بن ، یان یەکێک لەلایەنەکان ئەو مەبەستەی کەهەیەتی بەدەستی دێنێت. ئیتر وردە وردە بەردەوام دەبێت تا دەگات بەو ئامانجەی کەهەیەتی.

بەشێک لەکچان بەئاسان ناچنە ژێر بار ناچار کوڕە هەڕەشە لەکچەکە دەکات بە بوختان بۆ کردن بێت یان هەڕەشەی وێنە بڵاوکردنەوەی لێدەکات.

بەشێک لەکچان و خوشکانمان لەم هەڕەشانەی کوڕان دەترسن بەهۆی ئەوەی کە ئابڕوویان نەچێ و ناوی نەزڕێ لەلای خێزان و هاوڕێیانی ، و هەندێک کچیش زۆر بوێرانە ڕووبەڕوی کوڕان دەوەستنەوە جا بە شکایەت کردن بێت لەلای پۆلیس یان بەخێزان و برا و باوکی ئەڵێ یانیش بەهاوڕێیەکی نزیکی ئەڵێت . کە گوایە ئەم کوڕە بەم جۆرە هەڕەشەم لێ دەکات گەر نەچمە ژێر بار و بەکەیفی خۆی لەگەڵم نەجوڵێتەوە.

ئامۆژگاری بۆ کوڕان:-

ئێوە کەدەچنە زانکۆ یان لەهەر بوارێکی ژیان بەکارکردن و ئیشکردنەوە سەرقاڵ دەبن ، ڕۆژێک لە ڕۆژان لەگەڵ خۆت دانیشتووی ؟. لەگەڵ خۆت وتوێژت کردەووە ؟ بیرت لەخۆت ، لەبراکانت ، لەباوکت ، لەدایک و خوشکەکانت کردۆتەوە ؟ بیرت لە ئابڕووی خێزانەکەت کردۆتەوە کە بەم کارە قێزەون و ۆەشیاوانەی کەتۆ دەیکەی. توشی چ ناخۆشیەک دەبن ؟ لە دینی ئیسلام دا هاتووە هەرکارێکت بەرامبەر هەرکەسێک کرد بەباش و بەخراپ دێتەوە سەر ڕێت.

بۆچی نمونەیەکی جوان نەبین بۆخۆمان و خێزانمان ، بۆ وانەکەین هاوڕێیان و کۆمەڵگا لەبەرمان بحەسێنەوە ، بۆ بەپێچەوانەوە بێ هەموو لایەک بەهیلاک بوون ببەین ، بۆ دایک و باوک و خێزانەکەمان سەر شۆڕی دونیا و قیامەت بکەین ؟

بیر بکەوە بزانە بۆچی هەیت ؟ بۆ دروست بووی ؟ ئێستاش بێ ئامانجی لەژیان ؟ ئێستاش بیرکردنەوەکانت نەرێنین ؟ ئێستاش بەدوای کچەوەی بەناوی عاشق بوون و خۆشەویستی ؟.

بۆ پشتت کردە دین ، پشتت کردە قیامەت ؟ ئەی نازانی مردن هەیە ؟ ڕۆژێک هەمووومان دەمرین ، بۆ بەسەر شۆڕی بگەڕێینەوە لای خوای گەورە ؟.

بیربکەوە. ............ !!!!

ئامۆژگاری بۆ کچان :-

کچانیش بێ خەتانین لەم تێکچوون و بارگرژیەی ناو کۆمەڵگا ،هۆکارێکی سەرەکین بۆ دروست بوونی ئەم کێشە کۆمەڵایەتیانەی لەناو کۆمەڵگادا روودەدەن .

بۆچی.؟.

چونکە گەر کچ خۆی نەنوێنێ و نەرمی نەنوێنێ بەرامبەر کوڕان و خۆی ناسک نەکاتەوە. ئەوا هەرگیز کوڕ ناتوانێ کچ هەڵخەڵەتێنێ و درۆی بریقەداری بۆبکات.

کچان ئەوەتان بیربێت. جگە لە دایک و باوک و خوشک و براکانت باوەڕ و متمانە بەهیچ کەسێک نەکەیت ! چونکە کەس بۆ کەس ماڵ نییە. ڕۆژێک دێت پشتت لێ دەکات ، ئەوکاتەی سوودت بۆی نەبوو یان کارێکت بۆی نەکرد ئەکەوێتە زەم کردن و بۆختان بۆ هەڵبەستانت.

ئابڕووی خۆت و خێزانەکەت بپارێزە ، ڕێزی دایک و باوکت بگرە کەچۆن تۆیان گەورەکرد ، متمانەیان لەدەست مەدە !!.

بەشێوەیەک بوێربە بتوانیت لەسەر پێی خۆت بوەستیت ، بتوانی ڕووبەڕووی کێشە و ناخۆشیەکان ببیتەوە کەتووشت دەبنەوە.

مەترسە !!.هەرکاتێک کوڕێک هەڕەشەی لێکردی ، بوێربە یان لەماڵەوە کێشەکەت باسبکە یان پۆلیس و ئاسایش ئاگاداربکەوە لەو کێشەیەی کەتووشت بووە ، بەزووترین کات کێشەکەت بۆ چارەسەر دەکەن.

نموونەیەکی ڕاستەقینە لەسەر بوێری کچ !.

بەهار : ڕۆژێک کەسێک داواکاری هاوڕێیەتی بۆناردم لە ئینستاگرام بەناوی کاردۆ ، منیش سەیری پەڕەی تایبەتی کارۆم کرد ، زانیم کە ئەو کوڕە هی ئەو کۆلێژەیە کە من لێ دەخوێنم ، چونکە زانیاریەکانی دەربارەی خۆی و کۆلێژ و بەشەکەی لە پەڕەی ئینستاگرامەکەی نووسی بوو. بەڵام وەک ناسین نەم دەناسی و پێشتریش لە کۆلێژ نەمبینی بوو. بۆیە وەرم نەگرت و گوێم پێی نەدا.

دوای دوو ڕۆژ نامەی بۆ ئینستاگرامەکەم نارد. بەڵام من سەیری نامەکەی ئەوم نەکرد چونکە پێم وانەبوو گرنگ بێت ، بۆیە وەڵامیم نەدایەوە.

دوای سێ ڕۆژیتر لە فەیسبووک داواکاری هاوڕێیەتی بۆ ناردم ، منیش داواکاریەکەییم وەرگرت چونکە پێم وابوو کارێکی گرنگی پێم هەیە چونکە پێشتر لە ئینستاگرامیش نامەی بۆناردبووم . ئەوکاتەی داواکاری هاوڕێیەتی بۆم نارد ئێوارە بوو ، ئەوکات نامەی بۆمن نەنارد ، بەڵام کە شەو درەنگی کرد و نیوەشەو لایدا من لەگەڵ دەزگیرانەکەم قسەم دەکرد ، ئەوکات کاتژمێر یەک و نیوی شەوبوو کاتێک کاردۆ لە مەسێنجەری فەیسبووک پەیوەندی پێوەکردم بەڵام من وەڵامیم نەداوە. دواتر دوای پازدە خولەکی تر دوو بۆ سێ جاری تر پەیوەندی کردەوە منیش وەڵامیم دایەوە ، وتم ڕەنگە کارێکی گرنگی هەبێ بۆیە پەیوەندی دەکات.

منیش وەڵامیم دایەوە وتم فەرموو کاکە بەم کاتە درەنگە چ کارێکت هەیە وا پەیوەندی دەکەی ؟.

کاردۆ: سڵاو بۆ ئەوە پەیوەندیم پێوەکردووی کە پرسیارت دەربارەی شتێک لێ بکەم ، هاوڕێیەکم دەیەوێ بێتە بەشی جوگرافیا . دەمەوێ زانیاریم پێ بدەی دەربارەی ئەو بەشە و ساڵانی ڕابردوو بە چ نمرەیەک قوتابی وەرگرتووە ؟ و نرخی پارالێڵ و ئێوارانی چەندە ؟.

بەهار: خۆ من لە تۆمار کار ناکەم ئەم پرسیارانە لەمن دەکەی ، دەتوانی خۆت بێی بەیانی سەردانی تۆمار یان بەشی جوگرافیا بکەی هەرچی پرسیارێکت هەیە لەوانی بکەی. !!

کاردۆ : ئاخر من ماڵم لە هەولێر نییە ، ناتوانم بەئاسانی بێمە کۆلێژ چونکە ڕێگا زۆر دوورە بۆ من. زۆرم هەوڵدا تا بڕوا بە بەهار بێنم کە ناتوانم بچمە کۆلێژ و بە فێڵی ڕێگا دوور بوون و ناخۆشی ڕێگاکانی هاتو چۆ.

بەهار : باشە. هەرکاتێک چومە کۆلێژ هەوڵدەدەم پرسیارت بۆ بکەم و ئەو زانیاریانەی کە تۆ دەتەوێت بۆتی پەیدا بکەم و هەواڵت بۆ دەنێرمەوە.

• ئیتر پەیوەندیەکەم داخستەوە وتم تەواو چیدی پەیوەندیم پێوە ناکاتەوە. بەڵام دوای پازدە خولەک نامەیەکی نارد لە ماسێنجەری فەیسبووک ، منیش سەیری نامەکەم کرد بینیم کاردۆ بوو • .

کاردۆ : بەهار وێنەی تۆم لەلایە دەتەوێ وێنەکانی خۆت ببینیەوە ؟ کۆمەڵێک وێنەتم لایە !!.

بەهار : کاتێک ئەو نامەیەی کاردۆم بینی تووشی سەرسوڕمان ببووم ویستم وەڵامی بدەمەوە بەڵام ئەو منی لەفەرسبووک لەلای خۆی سڕ کرد. کە نەم دەتوانی وەڵامی بدەمەوە ، منیش چوومەوە سەر ئینستاگرامەکەم کەپێشتر لەوێ نامەی بۆم ناردبوو ، کە سەیری نامەکەیم کرد لە ئینستاگرام هەمان نامەی ناردبۆوە کە لەمەسێنجەری فەیسبووک بۆمی ناردبوو. وتی وێنەی تۆم لەلایە گەر دەتەوێت بۆتی دەنێرمەوە. !!!

منیش هەستم بەترس کرد بەڵام دانم بەخۆمداگرت و ترسەکەم بووە هۆی بەهێزبوونم ، بەکاردۆم وت دەچم لەلای پۆلیس و ئاسایش شکایەتت لێدەکەم دێمە کۆلێژلەلای ڕاگری کۆێژ شکایەتت لێ دەکەم و لەناو کۆلێژ ئابڕووت دەبەم وێنەی تۆم لەلایە وێنەکانت لە سۆشیاڵ میدیا بڵاو دەکەمەوە ، وات لێدەکەم جارێکی تر نەیەیتەوەکۆلێژ . وێنەکانی لە پەڕەی ئینستاگرامەکەی دا هەبوو پێش ئەوەی بڵێم شکایەتت لێدەکەم وێنەکانیم لەبەرگرتەوە و لەناو مۆبایلەکەم هەڵم گرت بۆ ئەوەی ئیسراحەتی خۆم وەربگرم لەهەر هەڕەشەیەکی کاردۆ .

بەهەمان ئەو بابەتەی کە کاردۆ ویستی هەڕەشەم لێ بکات هەڕەشەم لی کردەوە ، ئەوەبوو کاردۆ ترسی لێنیشت و ترسا.

کاردۆ : سوێندت بۆ دەخۆم کە تۆ ناناسم و کەسیش بەمنی نە وتووە کە ئەم کارەت بەرامبەر بکەم. تەنها ویستم پرسیارت دەربارەی بەشی جوگرافیا لێ بکەم ، بەڵام گەر بەم شوازە نامەم بۆنەناردبای وەڵامی منت نەدەدایەوە.

بەهار : شتی ئاوا نییە لێت خۆش نابم !.

کاردۆ : سوێند بەخوا بەئەنقەست وام نەکردووە هەرچیت بوێ بۆتی دەکەم ، ئەم ڤیدیۆیەش ببینە کە دەستم لەسەر قورئان داناوە ، سوند دەخۆم بە مەبەست نەبووە. هەرچیت بوێ بۆتی دەکەم بەماددی یان مەعنەوی بەس ئەمجارە لێم خۆشبە و وازم لێبێنە ! ئەگەر دەشتهەوێ دێم لەکۆلێژ لەسەر چۆک دادەنیشم و داوای لبووردنت لێدەکەم. سەیرکە ئەمە ژمارە مۆبایلەکەمە و ئێرەش شوێنی کارەکەمە ، هەرچیت ویست بۆتی دەکەم بەس ئەوجارە لێم خۆشبە با ئابڕووم. نەچێ لەکۆلێژ !.

بەهار : نەخێر لێت خۆشنابم ، یەکشەممە دەبێ بێیتە کۆلێژ و لەسەرچۆک لەناو کافتریا و لەبەرچاوی هەموو قوتابیان داوای لێبوردنم لێ بکەی!.

کاردۆ : باشە دێم بەس ئەمجارە لێم خۆشبە.

بەهار : کەسی سێیەمیش هەبوو لەم بابەتەی ئێمە و ئاگاداری هەمووشتێکم کردبوویەوە کەوا بپرسێت و بزانێ ئەم کوڕە کێیە نامەی بۆم ناردووە .

گەردی : من ئەم کوڕەم نەدیوە و نایناسم بەڵام هاوڕیەکم هەیە لەبەشی ئینگلیزی دەچم پرسیار لەو دەکەم ، بزانم زانیاری هەیە دەربارەی ئەم کوڕە یانا.

دوای کەمێک وەڵامی بەهارم دایەوە کە قسەم لەگەڵ ئەم هاوڕیەم کردووە لەبەشی ئینگلیزی ، وەڵامی دامەوە وتی کاردۆ هاوپۆلی منە و دەیناسم دوور بەدوور بەڵام نەم زانیوە ئەم جۆرە ڕەفتارانەی هەیە ، خۆی بەباش نیشان داوە لای ئێمە ، کەچی وادیارە پێچەوانەکەی دەرچووە.

بەهار : دەمەوێت کاردۆ سزا بدەم لەناو کۆلێژ ئابڕووی ببەم گەردی تۆ چی دەڵێی ؟

گەردی: پێم باش نییە ئەو کارە بکەیت چونکە هەم ئابڕووی کوڕەکە دەچێ لەناو کۆلێژ هەم بۆ تۆش جوان نابێ خەڵک بە شێوازێکی نامۆ سەیری هەردووکتان دەکەن و ناسراو دەبن و ڕەنگە وێنە و ڤیدیۆی هەردووکتان تۆمار بکرێ لە لایەن قوتابییانەوە و لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاو بکرێتەوە چونکە ئەوان نازانن بۆ وادەکەن و بابەتەکەتان چییە وە تۆش تازە بووکیت و بۆ خۆت و خانەوادەکەت و مێردەکەت جوان نابێ گەر ئەو هەواڵەیان بۆ بچێتەوە بۆیە وا باشترە قسەی لەگەڵ بکەی و بڵێی وازت لێ دێنم بەو مەرجەی جارێکی تر ئەم کارە نەکەیەوە .

کاردۆ : تەواو بەڵێن بێت نامبینیتەوە و جارێکی تر گەر تووشی هەر کێشەیەکیش بوویت وەرەوە یەخەی من بگرە .

بەهار : زۆر چاکە کە وایە نامەوێت بتبینمەوە ئەم بابەتە لێرەوە داخرا . لە ئینستاگرام کاردۆم بلۆک کرد چونکە هەموو شتێکمان بڕاندەوە بەڵام دوای ئەوەی یەکشەممە چوومەوە کۆلێژ و وەک پیشەی هەمیشەیی خۆم چوومە کافتریا و لەوێ دانیشتم دوای تۆزێک کاردۆم بینی لەگەڵ دوو کوڕی تردابوو سەیری منی دەکرد و پێ دەکەنی ! منیش جانتا و ئەو کتێبەی لە لام بوو بە جێم هێشت لەسەر مێز و بە دوای کاردۆ دا ڕۆیشتم و کەمامەیەکم لە دەم کرد وردە وردە بە دوای ڕۆیشتم تا دوای کەمێک ئاوڕیدایەوە وە منی بینی کەچی من خێراییم زیاد کرد و پێش ئەو چوومە بەشی ئینگلیزی ، چونکە پێشتر پرسیارم لە گەردی کردبوو کە ئەو بەشەی ئەو کوڕە لێی دەخوێنێ لە کوێیە ، کاردۆ زۆری لە لاسەیر بوو کە من پێش ئەو چوومەتە ئەو بەشەو پێشی سەیر بوو چۆن دەزانم هی کام بەشە ئیتر کاردۆ چووە پۆلەکەی خۆی ، قوتابییان چاوەڕێی مامۆستای بابەتیان دەکرد بێتەلایەن منیش چوومە ژوورەوە لە پێش کاردۆ وەستام و سەیرێکم کرد و قوتابییەکانی تریش سەیرێکی ئێمەیان کرد.!

کاردۆ : چی بووە ؟

بەهار : منیش وەڵامی کاردۆم نەدایەوە هیچ قسەیەکم نەکرد و لە پۆلەکە هاتمە دەرەوە لە پێش پۆلەکەی ئەو دانیشتم و چاوەڕێی ئەوم دەکرد کە بێتە دەرەوە ، پەنجەرەی پۆلەکە ی شکابوو منیش لە دەرەوەی لەسەر کورسییەک دانیشتم و چاوەڕێ بووم ، جار جارەش خۆم نیشانی کاردۆ دەدا بۆ ئەوەی بزانێ کە لە دەرەوە چاوەڕێی ئەو دەکەم کاتێک منی دەبینی شەرم دای دەگرتوو نێوچاوانی خۆی دەگرت ، نەی دەزانی چی بکات دواتر مامۆستاکەیان تاقیکردنەوەیەکی بچووکی پێ کردن و ئەویش تەواو بوو ، کاتێک هەستا پەڕەکەی دەستی بداتە مامۆستا منی بینی و لە شوێنی خۆی دانیشتەوەو نەهاتە دەرەوە تا هەموویان تەواو بوون ، کاتێک هاتە دەرەوە منیش لە دوای کاردۆ بووم و بانگم کرد کاردۆ تا ئێرە وەرە کارم پێتە !!

کاردۆ : لەگەڵ دوو کوڕی تردا بووم بەوانم وت ئێوە بڕۆن تۆزێکی تر منیش نیم.

بەهار : منیش بێ ئەملاو ئەولا یەخەی کراسەکەیم گرت و گوتم چی خراپ بێ پێتی دەکەم جارێکی تر لەناو کۆلێژ بتبینمەوە سەرێم ، ئەی تۆ بەڵێنت نەدا کە نایەیتەوە سەرڕێم. ؟ ئەی ئێستا بۆ سەیرم دەکەیت و پێ دەکەنیت ؟.

کاردۆ : ئاخر من تۆ ناناسم هەروا سەیرم دەکردی .!

بەهار: نەخێر درۆ دەکەی گەر من نەناسی چۆن بە دوام کەوتووی سەیرم دەکەی ؟

کاردۆ : سوێند بە خوا تۆ ناناسم بۆ باوەڕناکەی !

بەهار : منیش دەستی خۆم گورج کرد و ویستم بۆکسێکی لێ بدەم بەڵام هاوڕێ کچەکانی بە تەنیشت ئێمەدا تێپەڕین و سەیری ئێمەیان دەکرد .

کاردۆ : تکایە لەبەر چاوی ئەوانە نا با نەمبینن و ئابڕوم دەچێ .

بەهار : منیش یەخەی کراسەکەیم بەرداو تۆزێک گەڕامەوە بۆ دواوە ، وتم با ئەو کچانە نەمبینن کە کچەکان تێپەڕین دووبارە یەخەی قەمیسەکەیم گرتەوە و وتم جارێکی تر لە هەر شوێنێک منت بینی ڕێی خۆت بگۆڕە بە هیچ شێوەیەک لە کافتریا نەتبینم ئەگینا

تووشی کێشەت دەکەم مێردەکەشم لە پێش دەرگایە گەر هەر هەڵەیەکی تر بکەی بانگی دەکەم و پێی دەڵێم کە تۆ چیت کردووە بەرامبەر بە من !

کاردۆ : تەواو بە خوا جارێکی تر من نابینیتەوە !

بەهار : بابەتەکە ئەوەندە بوو الحمدلله کۆتایی پێهات و لە کۆڵم بوویەوە چەند ڕۆژێک دەچووم بۆ کۆلێژ نەم دەبینی وا دیار بوو تەمبێ ببوو نەداهاتەوە سەر ڕێگەم ...

گفتوگۆی نێوان گەردی و کاردۆ

گەردی : سڵاو کاک کاردۆ تکایە کاتێک پێویستە کەمێک قسە بکەین .؟

کاردۆ : سڵاو لە تۆش ببوورە لەسەر کارم بەڵام هەر کارێکیت هەیە پێمی بڵێ بە زووترین کات وەڵامت ئەدەمەوە !

گەردی : کاک کاردۆ دوور و نزیک دەزانم کێی و لەم چەند ڕۆژە خۆت تووشی چی کردووە ، بۆ خۆت پێت دەڵێم خۆ دوور بگرە لە بەهار ، چونکە باش بەهار دەناسم بەهار هاوڕێمە و مێردیشی هەیە ئەگەر ویستووتە بەهەر مەبەستێک هەڕەشەی لێ بکەی ئەوا خۆت تووشی زەرەر دەکەی ، چونکە بەهار کچێکی بوێرە و ناترسێ لە هەر هەڕەشەیەکی تۆ و کەسانی وەک تۆ ، داوات لێ دەکەم بە هیچ شێوەیەک سوتفەی ئەوە نەکەی بچیتەوە سەر ڕێگای ڕێی لێبگری چونکە ناتوانم بێمە نێوان تان و کێشەی ئێوە چارەسەر بکەم ، بیر بکەوە لەم کارەت و ئەو شەخسیاتەی کە هەیتت هەمووی بە با دەڕوا ، وای دەبینم تەمەنت بچوکە بۆیە وەک برا گەورەی خۆت پێت دەڵێم خۆت دوور بگرە لە هەر کێشێک چونکە هەر خۆت زەرەر دەکەی .!!!

کاردۆ : کاک گەردی ڕۆژی یەکشەممەش هات بۆ لام داوای لێبوردنم لە بەهار کردووە وتوومە جارێکی تر نایەمەوە سەرێت ، سوێندتان بۆ دەخۆم نە کەس منی ناردووە قسەی لەگەڵ بەهار بکەم و نە کەسیش وتوویەتی بڕۆ هەڕەشە لە بەهار بکە ، تەنها ویستوومە هەندێ پرسیاری لێ بکەم بەڵام تێگەیشتم کە هەڵەم و نەدەبوو نامە بۆ بەهار بنێرم وە هەرگیز بەم ڕێگایەدا ناڕۆمەوە بەهاری لێبێت ، داوای لێبووردنتان لێ دەکەم وای دادەنێم کە بەهارم نەبینووە !!

گەردی : کاک کاردۆ من لە یەکەم خولەکەوە ئاگاداری بابەتەکەم کە تووشی بەهارت کردووە ، بەڵام دەزانی ئەو ئیشەی کردووتە کارێکی ناشرینە باشە هەر خۆت بڵێ کاتژمێریەك و نیوی شەو ئاقڵانەیە نامە بۆ کچ بنێری ؟ ئەوەتا من و چەندان کەسی تری وەک من شارەزایان لە کۆلێژ و بەشەکان هەیە نەتدەتوانی نامە بۆ ئێمە بنێری ؟
لە یەکەم خولەکەوە بەهار ئاگاداری هەموو شتەکانی کردوومەتەوە کە تۆ کردووتە بەرامبەری پێویستە سوپاسی خوای گەورە بکەی کە من ڕێگریم لە بەهار کرد کە لەناو کافتریای کۆلێژی ڕێی لێ نەگرتووی کە لەناو ئەم هەموو خەڵکە لە کەداری دەکردی ، چونکە بەهار زۆر لێت پەست و تووڕە بوو بیر بکەوە بزانە گەر بەهار وای بکردایە چی دەبوو هەستت چۆن دەبوو ئەو ئیشەی کردووتە شتێکی زۆر منداڵانەیە .!!!

کاردۆ : زۆر سوپاس بۆ تۆ زۆر داوای لێبوردن لە هەردووکتان دەکەم گەر جارێکی تر منتان بینیوە حەقی خۆتانە هەرچی بکەن و بڵێن من ژمارەی خۆم پێی داوە شوێنی کارەکەم پێی داوە دڵنیابە جارێکی تر ناچمەوە سەر ڕێگای بەهار. !

گەردی : زۆر باشە گەر وا بێ ئێمەش نامانەوێت بێتەوە سەر ڕێگای ، بەڵام هەر کاتێ هەر کارێکی هەڵەت کرد بەرامبەری ئەوە خۆت بەرپرسیاری هەموو شتێک هەڵدەگرێ !

کاردۆ : زۆر باشە دووبارە نابێتەوە .

لێرەوە ئەم کێشەیە بەکۆتا هات و سوپاس بۆ خوا دووری نەکێشا ، لێرەوە بوێری ئەم بەهار پێمان دەڵێت کچان دەتوانن بوێربن ، نەترسن و هۆشیاربن و بەئاسانی نەبنە نیچیری دەستی کوڕان . وەبەهەر هەرەشەیەکی کوڕان ترس دایان نەگرێ و بوێربن بڕۆن بەباوکتان یانیش براتان بڵێن هەرنا بە پۆلیس و ئاسایش بڵێن بە زووترین کات کێشەکەت چارەسەر دەکەن .

تێبینینی : ناوی کارەکتەرەکان و بەشەکان خوازراو نین و ناوەکان گۆڕدراون ، ئەم چیرۆکە لە ڕاستیەوە وەرگیراوە هیوادارم گەنجەکانمان تۆزێک پێداچوونەوە بۆ خۆیان بیرکردنەوەکانیان بکەن و باشی و خراپی خۆیان و خێزانیان بزانن هیوادارم ئەم بابەتە بە گرنگ وەربگرن چونکە گەنج بنیاتنەر و پێکهێنەری کۆمەڵگایە

لەگەڵ ڕێزدا ........

## کۆتایی